# ئایا زەمینە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەبارە؟

## نووسینی: عەتا قەرەداخی

ئایندەی کوردستان بەرەو کوێ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەرزمان کردۆتەوەو هەوڵمانداوە لە تیشکەنیگای جیاوازەوە لێی بدوێین. ئێستاش لەم بارودۆخەدا کە کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، هەمان پرسیار بەرزدەکەینەوە، بە تایبەتی کە ئێستا لە سەرئاستی ناوخۆو لەسەر ئاستی پەیوەندییوون عێراقیشەوە بارودۆخی کوردستان ناجێگیرەو ئەوەش وایکردووە جۆرێک لە ترس و گومان هەستپێبکرێت. ترسێک کە لەبەردەمی گومان لە ئایندەدا ڕامان دەگرێت، ئەگەربێت و ئەوەی پێویستەو دەشێت زەمینەسازی بۆ نەکرێت و ئەنجام نەدرێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە جارێکی تر سەیری بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و شێوازی کارکردنء پەیوەندیی نێوان لایەنەکان خۆیان و پەیوەندی ئەوانیش لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەگشتی دەکەینء لەوەش دەدوێین ئایا بەڕاستی ئێستا لە ڕووی خودی و بابەتییەوە زەمینەی کوردستان لەبارە بۆ ئەوەی کورد بەلایەنی کەمەوە لەم بەشەدا هەنگاوی جیدی بەرەو سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بنێت؟ ئایا ئەگەر زەمینە لەبارە ئەو پێداویستیانە چین کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراون؟ ئەی ئەگەر زەمینە لەبار نییە پێویستە چی بکرێت؟ ئایا کاتێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی سەربەخۆیی و بڕیاری چارەنووسسازو یەکلاکەرەوە دەکات، بنەمایەکی کۆنکرێتی بۆ بڕیارێکی لەوجۆرە ئامادەکردووە، یان ئەوە تەنیا ڕاگەیاندنەو بۆ نیشاندانی هێزو توانای هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بە حکومەتی عەرەبی عێراقی کە دروستتر وایە پێی بڵێین دەوڵەتی عێراقی چونکە ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیع دەبینرێت ئەوەیە کە کورد هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەو دەوڵەتەدا نییە .

ئەوە ئاشکرایە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت سەربەخۆبێت و دروستکردنی دەوڵەتی خۆی ڕابگەیەنێت پێویستی بە زەمینەسازی لەسەر دوو ئاست هەیە .

ئاستی یەکەم کە گرنگترینە ئاستی ناوخۆیە؟ ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا لەسەر ئاستی ناوخۆ زەمینە بۆ وەها بڕیارێک لەبارە؟ بە تایبەتی لە هەردوو ڕووی مرۆیی و غەیری مرۆییەوە کە مەبەستمان لە ڕووی مرۆیی ئامادەباشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ بڕیارێکی لەوجۆرەو خۆڕاگری لەبەرامبەر ئەو کێشانەدا کە دەشێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕووبەڕووی ببینەوە. کە ئەمەش ئاستی سیاسی و حیزبیء ئاستی جەماوەری دەگرێتەوە کە ئامادەباشی ئەم ئاستەش لە کارلێک و پێکەوە هەڵکردنی دامەزراوەی حیزبی و حکومی و جەماوەریدا پێناسە دەکرێت. دەرئەنجامی ئەو ئامادەباشییەش ئەوە بەرهەم دەهێنێت کە پێی دەگوترێت بڵندبوونی ڕۆحی گشتی کۆمەڵگە کە لە دروستکردنی دەوڵەتدا گوزارشت لە خۆی دەکات. بڵندبوونی ڕۆحی گشتی کۆمەڵگەش بە چەمکی هیگڵی تەنیا کاتێک بەرهەم دێت کە یەکێتی کۆی ئاستەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بووبێت و کۆمەڵگە وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی پتەو نمایشی ڕاستەقینەی خۆی بکاتء بەکردەوەش ئەو نمایشی یەکبوونە لەسەر زەمینەی واقیع ببینرێت. ئێستا دەپرسین ئایا لە ڕاستیدا ئەو یەکێتییە سیاسی و

حیزبییە لە باشووری کوردستاندا بوونی هەیە؟ ئەگەر هەیە کامەیە؟ ئەگەر نییە هۆکارەکانی چین؟ ئایا کۆمەڵگە لەو قەیرانە بەرپرسیارە، یان حیزب بە گشتی، یان نوخبەی سیاسی کوردی بەرپرسیاری یەکەمی کێشەکانن؟ یان لەبنەڕەتەوە ئایا کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەک پەرەی سەندووە کە بووبێتە خاوەنی گوتاری نەتەوەیی خۆی؟ یان بە دەربڕینێکی تر ئایا شتێک هەیە ناوی پرۆژەی دەوڵەت بێت لای ئێمە وەکو کۆمەڵگە نەک تاکەکەس؟ ئەی داخۆ لە غیابی پرۆژەی نەتەوەیی و گوتاری نەتەوەیدا دەشێ دەوڵەتی کوردی پێکبهێنێت؟

لە راستیدا کۆمەڵگەی کوردی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە ئەگەر لە خراپی باری حیزبایەتی رووت بکرێتـەوە، ئەگەر ئەو نوخبە سیاسیەی کە بەردەوام لە ململانێی نابابەتیدان کۆمەڵگەیان لە ململانێ و ناکۆکیەکانی خۆیانەوە ئاڵاندووە، بخرێنە دەرەوەی بڕیارو بەڕێوەبردنی کوردستانەوە، ئەگەر ئەو نوخبە سیاسی و ئەو حیزبە سیاسیانەی ئێستای کوردستان، لە ژێر هەژموونی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بهێنرێنە دەرەوە، ئەگەر ئامادەبوونی پڕ لە کێشەو پڕ لە گرێی دەروونی نوخبەی سیاسی پەنجا ساڵی رابردووی نێو حیزبی کوردی لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردی بکرێتەوە ئەوا بە ئاشکرا دیارە کە کۆمەڵگەی کوردی وەکو کۆمەڵگە ئامادەیی ئەو یەککگرتن و یەکبوونەی هەیە کە بەرهەمهێنی رۆحی گشتی بێت بە ئاستێک کە ئەو رۆحە بەرەو بڵندبوون بچێت و دوا گوزارشت لە بوونی خۆی لە سەربەخۆیی و بەرهەمهێنانی دەوڵەتدا بکات. بەڵام من وای دەبینم کە بەربەستی سەرەکی لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا لەسەر ئاستی ناوخۆ بێجگە لە دواکەوتنی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو عەقڵە سیاسییەیە کە لە دابەشبوونی 1964 بەدواوە لە کوردستاندا کاردەکات و یەکێتی کۆمەڵگەی کوردی تێکدەدات و نەوە لە دوای نەوە لەبری ئەوەی بە رۆحی کوردیەتی و نەتەوایەتیء یەککگرتن و یەکبوون پەروەردەیان بکات، بە رۆحی دوژمنایەتی و بە رق و کینەوە رۆڵەکانی گەل پەروەردە دەکات و وایان گۆش دەکات کە بە رقەوە سەیری یەکتر بکەن و هەرگیز ئەو هەست و تێڕوانینە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا درووست ناکەن کە ئێمە هەموومان یەک نەتەوەو یەک کۆمەڵگەین و هەر بەو پێیەش یەک چارەنووس و یەک ئایندەمان هەیە. بە واتایەکی تر دەمەوێت بڵێم هەتا بیرکردنەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەسەر بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی شێواز خێڵایەتی کوردیدا باڵادەست نەبێت، تا کۆمەڵگەی کوردی لەو عەقڵە رزگاری نەبێت کە بەردەوام لە ناخی نەوەکانی کورددا گیانی دژایەتی کردنی یەکتر دەچێنێت، زەمینەی یەکبوونء یەککگرتن ناسازێت، تاوەکو ئەو زەمینەش نەسازێت کە تیایدا نەتەوە یەکەیەکی یەککگرتوو بێت و یەک بڕیاری هەبێـت کە بڕیاری نەتەوەیی بێت، یەکێک لە دوو پایە سەرەکییەکەی درووستبوونی دەوڵەت، بوونی نابێت کە ئەویش پایەیەتی کۆمەڵایەتی یان یەکێتی نەتەوەییە .

دیارە لەسەر ئاستی ناوخۆش فاکتەری ئابووری گرنگ و پڕ بایەخە. هەرچۆن لە تیۆری مارکسدا ئابووری بزوێنەری مێژووە، کە مەبەست لە مێژووش ئەوەیە کۆمەڵگە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت، بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا دەبێ ئابووری بە تەواویی ئەو دەورە ببینێت. ئەوە ئاشکرایە سەرباری ئەوەی کوردستان ئابوورییەکی دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام تاکو ئێستا ئابووری نەیتوانیووە رۆڵی ئەو بزوێنەرە ببینێت. هەروەک لە لایەکی ترەوە تاکو

ئێستا ئەوە ئاشکرا نییە کە ئایا دەسەڵاتی ئێستای کوردی داراییەکی ئەوتۆی هەیە کە بیکاتە بنەما بۆ بڕیاردانێکی لەوجۆرە، بە مەرجێک ئەو ئابووری، یان داراییە بنەمایەک بێت بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان بە بێ ئەوەی کە پێویستی بە حکومەتی عێراقی یان هەر سەرچاوەیەکی تر هەبێت. کەواتە ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ، باشووری کوردستان پێویستی بە ئامادەباشی و زەمینەسازی هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی ئابووری چونکە بە بێ ئامادەبوونی ئەو دوو ئاستە لە رووی ناوخۆییەوە بڕیاردانی درووستکردنی دەوڵەت کارێکی زەحمەتە. بەڵام لەراستیدا ئەگەر عەقڵی سیاسی و ئیداری باشووری کوردستان ببێتە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت و پرۆژەی یەکبوون و یەکێتی نەتەوەییء لە روویەکی تریشەوە ئابووری کوردستان بخرێتە ئەو پێناوەوەو ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی رۆڵی بزوێنەری مێژوو ببینێت، ئەوا زەمینەی ناوخۆ لەبار دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی دەوڵەت .

سەرباری بوونی کۆسپ و بەربەستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە بەردەم درووستبوونی دەوڵەتی کوردیدا، بەڵام زەمینەی ناوخۆ لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بۆ ئەو مەبەستە لەبارو ئامادە دەبێت بەمەرجێک ئەو نوخبە سیاسیەی بەرپرسیارن لە دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی و لە پەروەردەکردنی چەندین نەوە بە گیانی نانەتەوەیی و دوژمنایەتی کردنی یەکتری پاسیڤ بکرێت. بەمەرجێک ئیتر لەوە زیاتر ئەو نوخبە سیاسیە بە ناوی برایەتی کوردو عەرەب و لە ژێر سایەی گوتاری عێراقیدا کارنەکەن. بەڵام لەراستیدا من بۆخۆم هیچ متمانەیەکم بەو نوخبە سیاسیەی ئێستاو بەو حیزب و رێکخراوە سیاساینەی کە ئێستا لە باشووری کوردستاندا هەن نییە بۆ درووستکردنی دەوڵەتی کوردی چونکە بڕوام نییە بتوانن بینە ئەو هێزە یەکگرتووە کە درووستبوونی دەوڵەت پێویستێتی. راستە ماوەی چەند ساڵێکە سەرکردایەتی پارتی لێدوانی لەوجۆرە دەدەن، بەڵام پێناچێت لە رووی کردارییەوە هەنگاوی جیدیان بۆ ئەو مەبەستە نابێت. لایەنەکانی تریش بە تایبەتی ئەوەی تاکو ئێستا لە ژێر هەژموونی ئەو عەقڵە سیاسیەدان کە لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە ئامادەییان هەیە، پێناچێت هاوبەشیی پرۆژەیەکی لەوجۆرە بکەن بە تایبەتی ئەگەر پارتی و بنەماڵەی بارزانی سەرکردایەتی بکەن. باشترین نموونەشمان ئەو شێوازە کارکردنەی ئێستای هەموویانە لە کوردستاندا کە مەسەلەی ترس لە یەکتری وایلێکردوون پاشی شەش مانگ لە هەڵبژاردن هێشتا ناتوانن حکومەتێک پێکبهێنن و ناوێرن بەبێ وەزارەتی چەکدار بچنە حکومەتەوە. لە کاتێکدا بڕواو متمانەی حیزب و نوخبەی سیاسی کوردی بە یەکتری بەو جۆرە لاوازو شلۆق بێت و نەتوانن لە حکومەتێکی ناوخۆیدا پێکەوە هەڵبکەن دەبێ لە دەوڵەتدا چی بکەن. بۆیە من پێموایە بە عەقڵیەتی حیزبی و عەقڵیەت و تێڕوانینی ئەو نوخبە سیاسیەی ئێستاوە سەرباری باری ئامادەیی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەگەر عەقڵێک هەبێت بەڕێوەی بیات، زەمینەی ناوخۆ ئامادە نییە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی. کەواتە گومان دەکرێت کە ئەم نوخبە سیاسیەی ئێستا بتوانن ببنە بکەری درووستکەری دەوڵەتی کوردی .

من نازانم سەرکردایەتی سیاسی کوردی، بە تایبەتی سەرکردایەتی پارتی لەسەر ئاستی دەەروە لەو رووەوە چیان کردووە، بەڵام ئەوە بەڵگە نەویستە کە بۆ ئامانجێکی لە جۆری بڕیاردانی دەوڵەتی کوردی، ئێمە پێویستمان بە پشتگیری نێودەوڵەتی هەیە چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی بێت یان دەوڵەتانی بڕیار بەدەست. بۆ ئەو مەبەستەش کورد پێویستی بە بزووتنەوەو جووڵەیەکی بەرفراوانی دیپلۆماسی هەیە بۆ پەیداکردنی پشتیوانی بەهێز بۆ کوردستان. هەروەک دەشێ

کوردستان لە رووی سەرچاوە سرووشتیەکانیشەوە لە جۆری نەوت و غازو مادە خاوەکانی ترەوەو لە رێگای بەشدارییپێکردنی ئەوانی ترەوە لە دەوڵەتان و لە کۆمپانیا گەورەکان جۆرێک لە پاڵپشتی بە دەست بهێنێت، بە تایبەتی ئەوەی ئەمرۆ جیهان بەڕێوەدەبات ئابوورییە. ئەگەر کوردستان هاوبەشی ئابووری بەهێز بۆ خۆی پەیدا بکات، دەشێ ئەوەش رۆڵی دیاری هەبێت بۆ پاراستنی کورد لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتدا. لەم رووەشەوە ناکرێت کورد تەنیا پشت بە تورکیا یان ئێران یان ئەمەریکا یان چەند دەوڵەتێکی کەمی ئەوروپا ببەستێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە پەیوەندییەکی هاوسەنگ درووست بکاتء بەوپێیەش پشتگیری بەرفراوان و فرە سەرچاوە بۆ خۆی پەیدا بکات. کەواتە ئەوە ئاشکرایە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەییء بوونی داراییەکی بەهێزو باش بەڕێوەبردنی و پشتگیری نێودەوڵەتی بەهێز پێویستن. ئەگەر کورد لە باشووردا بووە خاوەنی ئەو سێ پایە بەهێزە ئەوە پێویستە بڕیاری راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بدات.